هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت: لەسەدا 76 بەرنامەکانی حکومەت جێبەجێکراون

هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت رایگەیاند لەسەدا 76 بەرنامەکانی حکومەت جێبەجێکراون،وتیشی: ژدین لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکوومەت.

ئەمڕۆ هەینی، هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، لە ڕاگەیەندراوەکدا، وێڕای سەرکردە سوونەکانی دایەو و ڕایگەیاند؛ جێخت لە پابەندیی و ژدیی خەمان لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکوومەت دەکەینەو و لە ماوەی دیاریکراودا هەموو خاڵەکان بەجێ دەگەیەنرێن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، ئێستا %76ـی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کراو و تاوەکوو کۆتایی ئەم خولەی پەرلەمان و حکوومەت لە کارکردن بەردەوام دەبین.

هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت جێختی لەوەیش کردووەتەو، داواکاریی سوونەکان بەپێی دەستوور و یاسا لە جێبەجێکردندان و داوا لە سەرکایەتیی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی هاوپەیمانەتییەکەش دەکەن بەرپرسیارییەیی لایەنی یاسادانان هەڵگرن.